# ئێوەن گۆڕاون، ئەمەریکا نەگۆڕاوە

ئەمجەد شاکەلی

سالآنی 1980کان، خۆپێشاندان و ڕێپێوانی کوردانی سوێد و وڵاتانی دیکەی ئەوروپا، دژ بە باڵیۆزخانەکانی عیراق، ئێران و تورکیا و بە تایبەت عیراق بووبووە کارێکی تا ڕادەیەک ڕۆژانە. هەر ڕۆژەی چالاکییەک ئەنجام دەدرا و خەڵکەکە ئامادەبوون بۆ هەموو جۆرە کارێک. ئەو خۆپێشاندانانە، کە بۆ خۆیان و لە ڕاستیدا، دژ بە ڕێژیمەکانی ئەو وڵاتانە دەکران و دروشمی دژ بە دەسەڵاتدارانی ئەو ڕێژیمانەیان تێدا بڵند دەکرایەوە و بڕۆخی سەددام و سەددام دیکتاتۆرە و سەددام فاشیست و مرۆڤکوژەی تێدا دەگوترایەوە، دژ بە ئەمەریکاش هاوار دەکرا و دەنگ بەرز دەکرایەوە و خەڵک هەموو تاوانەکانی سەددام حوسەین و تورکیا و دوژمنانی کوردی لە نێو چاوانی ئەمەریکادا وەدی دەکرد و ئەمەریکای بە"مشتەی نێو هەمانەکە" و هۆکاری سەرەکی و پاڵپێوەنەر و هاندەری ئەو تاوانانە دەزانی. بەشێکی زۆری ئەو چارۆکانەی لە لایەن خۆپێشاندەرانەوە هەڵدەگیران، ڕەنگیان سوور بوون، یا بە ڕەنگی سوور لە سەریان نووسرابوون. لە مێژە کورد هاوار دەکات:"ئێمە ڕۆڵەی ڕەنگی سوور و شۆڕشین سەیریکە خوێناوییە ڕابوردوومان". ڕەنگی سوور، نیشانەی شۆڕشگێڕیەتی و چەپبوون و دژەئیمپریالیزم و دژەداگیرکار و دەژەچەوساندنەوە و ڕەنگی کارگەر و ستەملێکراوان بوو. بڕێک لەو چارۆکانە وێنەی داس و چەکوش"نیشانەی کارگەر و وەرزێر"یان لە سەر نەخش کرابوون. وێنەی مارکس، ئەنگلز، لێنین، ستالین، ماو و ئەنوەر خواجە و جاروباریش گیڤارا، کاسترۆ، ترۆتسکی، پلیخانۆڤ و...هەڵدەگیران و دروشمی "دایرزێنە، تێکیشکێنە، بیرووخێنە ئیمپریالیزمی ئەمەریکا"، یەکێک لەو دروشمانە بوو، کە هەموو جار و لە هەموو ڕێپێوان و خۆپێشاندان و بۆنەیەکدا دەگوترایەوە و خەڵک هێندەیان دەگوتەوە و هێندەیان دەنگ بڵند دەکردەوە، کاتێک ئەو دروشمەیان دەگوتەوە، دەنگیان دەنووسا. لە یەکێک لەو خۆپێشاندانانەدا و لە مەیدانی"سێرگلس تۆری Sergels Torg" لە نێوەندی شاری ستۆکهۆلم، کوردێکی زۆر خڕ بووبوونەوە و هەموو وێکڕا دەیانقیڕاند و ئەو دروشمەی دژ بە ئەمەریکایان دەگوتەوە. کابرایەکی بڕێک بەتەمەنی بەدمەستی سوێدی، هێندەی خواردبووەوە لەتری دەبرد، لەو ناوە پەیدا بوو و بڕێک لەو نووسین و وێنانەی سەر چارۆکەکان ڕاما و بڕێک گوێی بۆ هاتوهاوار و قیڕەقیڕەکانیش، کە بە سوێدی

دەگوترانەوە، شلکرد و لارەلار و لۆژەلۆژ هاتە تەنیشت هاوڕێیەکمانەوە و لێی پرسی:"ئێوە خەڵکی کوێن؟". هاوڕێیەکەیشمان گوتی:"کوردستان". کابرا گوتی:"ئەو وڵاتەی هەر چیایە و سەختە و چوار پێنج بەشە و لە لای ئێران و تورکیا و ئەوانەیە!". هاوڕێیەکەیشمان گوتی:"بەڵێ". کابرا گوتی:"ئەی ئێوە کێ داگیری کردوون؟". هاوڕێیەکەمان گوتی:'سەددام حوسەین". کابرا گوتی:"ئەی لەشکری ئەمەریکا لە وڵاتەکەتان هەیە؟". هاوڕێیەکەمان گوتی:"نا". کابرا گوتی:"ئەی ئەمەریکا داگیری کردوون؟". هاوڕێیەکەمان گوتی:"نا". کابرا گوتی:"ئەی ئیتر هاتوهاواری چیتانە دژ بە ئەمەریکا و بۆ باسی ئەمەریکا دەکەن! بۆ باسی سەددام حوسەین و عیراق ناکەن و داوای دەرکردنی ئەوان لە خاکەکەتان ناکەن و جیتان داوە لە ئەمەریکا!". ئەوێ ڕۆژێ شەرم بوو بۆ کەسێک، ئەگەر خۆی بە مارکسیست و چەپ و سۆسیالیست نەزانیبا. ئەوێ ڕۆژێ کەسێک ئەمەریکا و ئینگلستانی بە دۆست و پەنا و فریاڕەس زانیبا و وەک کۆڵۆنیال نەیدیتبا، خەڵک نەفرەتی لێ دەکرد و بە دژە شۆڕش و کۆنترا نێونووس دەکرا. هەر چەند ساڵێک پێش ئەو ساڵانە بوو، جەلالییە دووئاتەشەکان، سەرۆک بارزانی(مەلا مستەفا)یان بەوە تاوانبار دەکرد، کە گەرەکیەتی کوردستان بکاتە ویلایەتی 52یەمینی ئەمەریکا. ئەو ساڵانە بەسەر چوون و پاش هەڵکردنی با و باهۆزی ئەمەریکا و پێچانەوە و لوولدانی بلۆکی ڕۆژهەڵات و وڵاتگەلێک، کە نێوی سۆسیالیستیان لەخۆ نابوو و پاش دامەزراندنی دەقەری دژەفڕین لە بەشێکی باشووری کوردستان و پاش 11ی سێپتەمبەر و پاش ڕووخاندنی تالیبان و داگیرکردنی ئەفغانستان و پاش ڕووخاندنی سەددام حوسەین و داگیرکردنی عیراق، ئەمەریکا، بوو بە قوربانی و خەڵکی دیکە جەللاد. ئەمەریکا بوو بە ڕزگارکار و فریاڕەس و پشت و پەنا و خەڵکی دیکە هۆڤ و مرۆڤکوژ و پاشکەوتوو و چەتە. ساڵانی 1980کان، وەک کابرای بەدمەستی سوێدی گوتی، ئەمەریکا لەشکری لە کوردستان نەبوو و ئەمەریکا ئەو وڵاتەی داگیر نەکردبوو، لێ ئەمەریکا هەموو کۆمەکێکی بە سەددام حوسەین و ڕێژیمەکەی دەکرد. ئەمەریکا هاندەری سەددام حوسەین بوو دژ بە ئێران و بە پێزانین و چاوپۆشینی ئەمەریکا، کورد ئەنفالێنرا و هەڵەبجە گازباران کرا. ئێستا کوردستان بە کردار بووەتە بەشێکی ئەمەریکا و ئەمەریکا سیاسەت خۆی لەوێ پیادە دەکات و سەرانی کوردستانیش قنج قنج بۆ ئەمەریکا هەڵدەپەڕن. ئێستا ئەمەریکا لەوێیە، نەک تەنێ لە سەر خاک، بەڵکە لە نێو هەموو ماڵێکی کوردستان و لە نێو هەموو خێزانێکی کوردستاندایە. ئەمەریکا بە فەرهەنگ، بە ڕەوشت، بە ئاکار، بە ڕەوتار، بە هزر، بە ئایین، بە بارهێنان، بە پەروەردە، بە فەلسەفە، بە پارەوپووڵ لەوێیە. ئەمەریکا، هەر چۆن جاران سەددام حوسەین دەیگوت: "سەددام حوسەین لە هەموو دڵۆپە شیرێکی، کە منداڵێکی

عیراقی دەیخواتەوە، هەیە، سەددام حوسەین لە هەموو کراسێکی خاوێنی، کە مرۆڤێکی عیراقی لەبەری دەکات، هەیە"[1]، ئەمەریکا بەو جۆرە لەوێیە. ئەودەم ئەمەریکا، تەنێ وەک سێبەر لەوێ بوو. ئێستا بۆ خۆی لەوێیە. ئەمەریکا ئێستا داچۆڕاوەتە نێو خوێن و مێشکی بەشێکی زۆری ئەوانەی نێوی "ڕووناکبیر" و "ڕۆشنبیر" یان لە خۆ ناوە و ئەوانەیشی سیاسەتکار و دەسەڵاتدارن، کە بە هەردوو لایانەوە دەستەبژار و سەرتەڵی جڤاکی کوردستان پیکدەهێنن. ئەمانە هەردوو تەواوکەری یەکترن. ئەم"ڕووناکبیر" و "ڕۆشنبیر" و سیاسەتکار و دەسەڵاتدارانەی ئێستای کوردستان، هەر ئەوانەی ساڵانی 1980کان و پێشتر و پاشترن، کە بەشێکی زۆریان، چالاکییەکی ڕەوشەنبیری و سیاسییان هەبوو و بە جۆرێک گرێدراو و هەواداری ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی یا فەرهەنگی یا سیاسی بوون. ئەمانە، زۆرێک لەمانە، ئەودەم تا دەنگیان نەنووسابا، دەستبەرداری جنێودان بە ئەمەریکا، نەدەبوون. من لەگەڵ گێڕانەوەی ئەو ڕێژیمە داخراو و تۆتالیتیرانەی وەک سۆڤیێت و وڵاتانی هاوشێوەی وی نیم و سەدجار نەفرەتیان لێبێت، لێ ئەمەریکایشم پێ ڕزگارکار و ئازادیبەخش نییە. ئەمەریکا هەر ئەو ئەمەریکایەی جارانە و دڕتر بووە نەک ئارامتر. ئەوەی گۆڕاوە و دڕندە و داڵ و هۆڤی لێ بووە بە بەرخ و کۆتری ئاشتی، ئەو "ڕووناکبیر" و "ڕۆشنبیر" و سیاسەتکار و دەسەڵاتدارانەی ئێستای کوردستانن، لە هەر هەموویشیان خراپتر "ڕووناکبیر" و "ڕۆشنبیر"انی کاسەلێس و خۆفرۆش و مشەخۆرانی پاشکۆی دەسەڵات، کە پاساو بۆ هەموو نێزیکبوونەیەک لە ئەمەریکا و هەموو هەنگاوێکی دەسەڵات بۆ ئەمەریکایاندنی کوردستان و جڤاکەکەی دەهێننەوە و هەر بەوەشەوە ڕاناوەستن، بەلکە بەڵگەش بۆ دروستی چەوتییەکانی دەسەڵات دەدۆزنەوە و خەڵکی ئاسایی و دڵپاکی دوورەدەسەڵاتی کوردستانی پێ دەخاپێنن و فریو دەدەن. ڕەوشەنبیری ڕاستگۆ و ڕەخنەگر، هەمیشە بۆشایی و بوار و دوورایی و مەودایەک، لە نێوان خۆی و دەسکەوت و مفتخۆری و دەسەڵاتدا دەهێڵێتەوە، کە وا نەبوو و وای نەکرد، ئیدی نە ڕەوشەنبیرە و نە ڕاستگۆیە و نە ڕخنەگر، بەڵکە تاریکبیر و درۆزن و جلخوارە.

2006/4/21

[1] بە عەرەبییەکەی:"صدام حسين موجود بكل قطرة حليب يشربه الطفل العراقي، صدام حسين موجود بكل قميص نظيف يلبسه الانسان العراقي".